داواکاریی کاردانەوە/فیدبەکی کۆمەڵایەتیی:
پەرەپێدانی خانووبەرە و کۆمەڵگا لە تێنێسی

ڕێکخراوی پەرەپێدانی خانووبەرە لە تێنێسی (THDA) ڕەشنووسی ڕاپۆرتی تێکەڵکردنی کار و هەڵسەنگاندنی ساڵانە (CAPER) سەبارەت بە گەڵاڵەی تێکەڵکردنی تێنێسی 2015-19 بۆ بەرنامەکانی CDBG، ESG، HOME، HOPWA و سندۆقی وەبەرهێنانی خانووبەرە (HTF) ئامادە کردووە. ئەم ڕاپۆرتەی ساڵانە بۆ HUD شرۆڤەی دەکات کە بۆدجەی فیدراڵ چۆن بۆ ئەو چالاکییانەی تەرخان کراوە کە بە قازانجی دانیشتووانی کەم داهات و لەگەڵ داهاتی نێوەنجی و هەروەها چالاکییەکانی تری پەرەپێدانی خانووبەرە و کۆمەڵگا لە هەمووی ویلایەتەکەدا بووە. هاوولاتیان هان دەدرێن کە زانیاریی هەبوو لە ڕاپۆرتەکەدا تاوتوێ بکەن و سەبارەت بەوە بیروڕایان دەربڕن. ڕەشنووسی CAPER لەبۆ تاوتوێکردن و ڕادەربڕینی گشتی لە ناونیشانی https://thda.org/about-thda/public-notice-and-comment لە 4 سێپتەمبەری 2019 بە دواوە لە بەردەست دەبێت. کورتەی ڕەشنووسەکە بە زمانی ئینگلیزی و سپانیاییش لە بەردەست دەبێت. بیروڕا نووسراوەکان لە ڕێگای ناردنی ئەلێکترۆنیکی لە ماڵپەڕی THDA لە 4 بۆ 19ی سێپتەمبەری 2019 قبووڵ دەکرێن.

هەروەها، THDA لە هەموو دانیشتووانی تێنێسی داوەت دەکات کە لە ڕاپرسی خانووبەرەی دادپەروەرانە کە تا 4ی ئۆکتۆبەری 2019 لەبەردەستە بەشداریی بکەن. وەشانە ئینگلیزی و سپانیاییەکەی ئەم ڕاپرسییە لە ناونیشانی خوارەوەدا لەبەردەستن: https://www.surveymonkey.com/r/FairHousingTN.

تکایە داواکارییەکانی پێوەندیدار بە خانووبەرە بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Research@thda.org.